وتاری شوکور مستەفا لە چلەی ماتەمینی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ئا: هۆشیار بەکر عەزیز
(کەرکووک)

پێوەندی نێوان مەلا شوکور مستەفا و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێوەندییەکی ڕۆحی بووە، زۆر یەکتریان خۆش ویستووە، لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەیەک بوونە، لە سەردەمانێکی زووەوە یەکتریان ناسیوە و ئاشنای یەکتر بوونە، بەردەوام سەردانی یەکتریان کردووە.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە لە بەغدا، لە دوکانەکەی بەشیر موشیر لەگەڵ چەندان نووسەر و ڕۆشنبیری کورد دانیشتوون، تاووتووی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و ژیانی سیاسی ئەو سەردەمەی کوردیان کردووە.

کاتێک مەلا جەمیل دەچێتە ئێران، پێوەندیان نەپچڕاوە، بەنامە ئاگاداری هەواڵ و گوزەرانی یەکتری بوونە.

دوای گەڕانەوەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، مەلا شوکور مستەفا لە هوتێل (ئەغادیر) لە بەغدا سەردانی دەکات، پاشان بەردەوام سەردانی ماڵی یەکتر دەکەن، هەموو حەفتەیەک چەند ڕۆژێک لە کۆڕی زانیاریی کورد پێکەوە دەبن.

کۆتایی نەوەتەکان (١٩٩٨) مەلا شوکور مستەفا لە بەغداوە دەچێتە هەولێر، پێوەندییان هەر بەردەوام دەبێت و نامە بۆ یەکتری دەنێرن، کۆتا نامە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ مەلا شوکور مستەفای دەنێرێت، باسی ئەوە دەکات کە نەخۆشی دڵی هەیە.


لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/٧، چلەی ماتەمینی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر بەڕێوە چوو، تەواوی یادەکە، تەلەڤزیۆنی کوردستان تۆماری کردبوو، دانەیەکی بۆ بنەماڵەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی نێردرا، منیش هەموو وتارەکانی ڤیدیۆکەم خستە سەر کاغەز.

مەلا شوکور مستەفا لەچلەکەدا وتارێک پێشکەش دەکات، ئەمەش دەقی وتارەکەیەتی:

مامۆستا مەلا جەمیل لە ساڵی ١٩١٢ دا لە دایک بووە، من لە ساڵی ١٩٢٨دا لە دایک بووم، کەواتە فەرقی نێوانمان شانزە ساڵە،

گوندەکانمان هەر سەعات و نیوێک، سەعاتێک و سێ چارەگێک ئاوا لە یەکەوە دوورە، بە بنەماڵە و خزم و کەسوکار و باو و باپیرمان دۆستی یەک بوون و زۆریش تێکەڵ بووین. دیارە ئەگەر من باسی بیرەوەریتان بۆ بگێڕمەوە، دەبێ باسی شێست ساڵتان بۆ بگێڕمەوە، ئەوەش نە کاری بیرەوەرییە و نە کاری ئەوەیە، ئەوە چۆن شتی وا دەکرێ، ئەمن تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێم: مامۆستا مەلا جەمیل پێش مەرگەساتەکەی، واتە پێش مەرگی، کاغەزێکی بۆ نووسیوم، باسی زۆر شتی کردووە، دیارە دەڵێ: دوور لە ئێوە تووشی دڵەکوتکێ هاتووم، نابێ هەرگیز خۆم ماندوو بکەم، ئەگەر مردم بە فارسی و کوردی و تورکی و عەرەبی شیوەنم بۆ بنووسە، فارسییەکەی پێش بخە، ئەمنیش هەندێ چەڵتە چەڵتم بەفارسی کردووە، بۆتانی دەخوێنمەوە و ببوورن باسی بیرەوەریم پێ نییە، لە کوێ نانمان خواردووە، لە کوێ پیازمان خواردووە، لە کوێ نازانم لە دیواری باغێ بچین بەو دیوا.. نازانم هەنجیر بدزین، نازانم ئەگەر لە کوێ دەستنوێژەکەمان.. نازانم بسێنین لە کوێ نوێژەکە بکەین، ئەوە کەنگێ بیرەوەرییە ئەو قسانە.

خجسته یاد و جاودان من
درودت را سرایند خاص و عام
غرض به عاشقان کربلا
ببین به اشک و خون دل مدام
بی تو آنان خواهم کرد من
ز زدن جان و ز ناستد سلام
به دست آسمان رضای عقل
ز رشحات خامه ذکر و گهرفام
ز بندهء کمینه اعتراف
به فضل جرئت است مدی الایام



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

در را قلم اندر زبان کرد
مثابه است بهشت باد امام
تبت یدا ای دشمن بی انصاف
مگر نه مظلوم نحل هر کدام
به سلحشوران ره جدال
ز اهل دانش و هنر و فام
الا ای آشنا به هر دلی
شدی و نفرستادی یک پیام
میروم سجدەکنان خاک پا
میریزم قطره قطره اشک خام
قاتلت مرده باد و تو شهید
ملتت زنده میهن شاد و کام

واتە:
پیرۆز بێت یادی نەمرانەت بۆ من،
سڵاوت بۆ هەڵدەدەن هەمووان
بەشێوازی ئەوێندارانی کەربەلا

تەماشا بکە بەردەوام لە ناو فرمێسک و
خوێنی دڵم
بەبێ تۆ ئەوانە دەکەم
بەلێدان گیان دەدەم و سڵاو لە نەدان دەکەم
دەدەم بە دەستی ئاسمان، پەسەندیی هزر
لە نووسراوی خامە، وێردی گەوهەر ئاسا
لە بەندەی خاکەڕاوە ددان بەوەدا دەنێم
بە فەزڵی بوێرییە کە ڕۆژگارم درێژ بووەتەوە
لە ناو زمانی کوردیدا دووڕێ
پایەت بەهەشت ئەی پێشەوا
دەستت بشکێت ئەی دوژمنی بێ ویژدان
مەگەر ستەمدیدە نییە ڕەچەڵەکی هەر یەکێکیان
بە پاڵەوانانی ڕێگەی گفتوگۆ
لە ئەهلی زانست و هونەر و تێگەیشتن
ئەی ئاشنا بۆ هەموو دڵێک
ڕۆیشتی و پەیامێکت نەنارد
بە کرێنۆش بردن خاکی پێی پەلکێش دەکەم
دەڕێژم دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی خام
بکوژت بمرێت و تۆ شەهید
گەلت زیندوو و نیشتمانیش شاد و کامەران

سەرچاوە:
شیعرە فارسییەکە هاوڕێی خۆشەویستم ڕزگار جەباری خستییە سەر کاغەز، هەروەها وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی، زۆر سپاسی دەکەم.